# لینین و ئەدەب و هونەر ( نامەکانی لینین )

## لە ووتاری ( دەست پێکردنی خۆپیشاندان )

وەرگێرانی /مەحموود محەمەد عوسمان

پێش دوو هەفتە لە گۆرەپانی کازانسکایا (1) لە بتروسبرگ یادی 25 سالەی یەکەم خۆپیشاندانێکی کۆمەلایەتی شورشگێرانەمان کردەوە کە لە رووسیا دەستی پێکرد لە 6 شەشی کانونی یەکەم (دیسەمبەر ) 1876 . وە ئاماژەمان بەوە کرد کە بزووتنەوەی خۆپیشاندان لە سەرەتای ئەمسالدا بەشێوەیەکی مەزن لەسەرهەلدانداية ا. وە وتمان ئەبێ خۆپیشاندەران دروشمێکی سیاسی دیاریکراوتر لە دروشمی ( زەوی و ئازادی ) ( 1876 ) بەرزبکەنەوە . وە داواکارییەکی فراوانتر لە ( نەهێشتنی یاساکانی کاتی سالی( 1901 ) . ئەبێ ئەم دروشمە ئازادی سیاسی بێ . وە داواکاریەکەیش ئەبێ بانگێشەکردنی نوێنەرانی خەلک بێ .

وە ئیستە ئەبینین کە خۆپیشاندانەکان نوێ ئەکرێتەوە بۆ چەند هۆیەکی جیاواز . لە شارەکانی نیجی و مۆسکۆ و خارکۆف . خرۆشان لەهەموو شوێنێ پەرە ئەسێنێ . وە رێکخستنی لە یەک رەوتدا ئەبێتە کارێکی پێویست دژ بە دەسەلاتی داپلۆسێنەر کە زولم و چەوساندنەوە و ستەم بلاو ئەکاتەوە لە هەموو شوێنێ .

وە لە شاری نیجیتی لە 7 تەشرینی یەکەم (ئوکتۆبەر ) بە بۆنەی بەرێخستنی مەکسیم گۆرگی خۆپیشاندانێکی بجووک بەرێخرا . بەلام سەرکەوتوو بوو . دەسەلاتی داپلوسێنەر وەک قسەکەری خۆپیشاندانەکە ووتی : نووسەرێک کە لەسەر ئاستی ئۆروپا بەناوبانگە ، بەبێ دادگای لە شوێنی لە دایکبوونی دوور ئەخرێتەوە ، وە نووسەرێکە کە چەکی تەنها ووشەی ئازاد بووە . وە قسەکەرەکە بەردەوام بوو وە ووتی : بەناو هەر رووسیەک کە زەرەیەک هەول ئەدات کە بەرەو ئازادی و رووناکی ئەروات : جەلادەکان تاوانبارمان ئەکەن بەوەی کە کارتێکردنی بەدی ( خراپ ) لەسەرمان هەبوو ، ئێمە ئاشکرای ئەکەین کە کارتێکردنەکەی باش بوو . وە پیاوانی قەیسەر بە نهێنی خراپەمان لەگەل ئەکەن ، وە ئێمە بە رۆژی روناک کارە خراپەکانیان ئاشکرا ئەکەین . لای ئێمە لە کرێکارانێک ئەدرێ کە بەرگری لەمافەکانیان ئەکەن بۆ دونیایکی باشتر . وە قوتابیانێک بەر لێدان ئەکەون کە نارەزاری دەر ئەبرن دژ بە ستەم .لای ئێمە هەموو ووشەیەکی شەریف ئەخرێتە ژێر پێوە ! خۆپیشاندانەکە تەواو بوو وەکرێکارانیش بەشداریان تێداکرد , خۆپیشاندانەکە بە بانگەوازێکی شکۆدار لەلایەن یەکێ لە قووتابیانەوە کۆتای هات کە ووتی !

( زولم ئەروخێ وە گەلیش بەتوانا و بە ئازادی و بەهێز خرۆشان ئەکات )

وە سەدان قووتابی چاوەرێ گۆرگیان ئەکرد لە ویستگەی مۆسکۆ .بەلام پۆلیسە ترسنۆکەکان لەرێگە بەریان لە فارگۆنەکە گرد وە قەدەغەیان لێکرد کە بێتە ناو مۆسکۆوە . ( هەرچەندە پسولەی لێبوردنی تایبەتی پێدرابوو )وە زۆریان لێکرد کە رێگەی شاری کورسک بگرێتە بەر . وەبەم شێوەیە ئەم خۆپیشاندانە کە بۆ دوورخستنەوەی گۆرگی رێکخرابوو سەرنەکەوت . بەلام لە 18 هەمان مانگ خۆپیشاندانێکی بجووک بەرێخرا بەرامبەر مالی جەنەرالی حاکمی مۆسکۆ بۆ نەهێشتنی ئێوارە یادکردنەوەیەک بە بۆنەی ئا دۆبرالۆف کە لە 17 تەشرینی یەکەم ( ئوکتۆبەر ) 40 سال بەسەر مردنیا تێئەپەرێ ,هەرچەندە پێشتر ئامادەنەکرابوو، وەرێکخرابوو لەلایەن قوتابیان و( کەسانی نەناسراو ) ( کە وەزیرەکانمان ناویان لێ ئەنێن بەزۆری ) وە هاواری نارەزایەتی رووبەرووی نوێنەری دەسەلاتی سەرکورتکەر لە مۆسکۆ بەرزبووەوە لە لایەن خەلکێک کە ئا دوبرالوف یان لا خۆشەویست بوو ، وە هەروەها بۆ روسیای خوێنەوار و بەهۆش . نووسەرێک کەزۆر بەتووندی رقی لە زولم ئەبووەوە , نووسەرێک کە بە شەوقەوە چاوەرێ راپەرینی گەلی ئەکرد دژ بە ( تورکە ناوخۆییەکان) دژ بەرژێمی داپلوسێنەر(2)

لە 20 /12 /1901 چاپکراوە

بەرگی 5 لاپەرە 369_370

تێبینییەکان : من بە باشم زانی هەر تێبینییە لە ژێر نامەکە یان ووتارەکە بنووسم بۆ ئەوەی خوێنەر بە ئاسانی بیانخوێنێتەوە ( وەرگێر )

1-: کرێکاران و قوتابیان لە 1876/12/18 خۆپیشاندانێکیان سازکرد بۆ نارەزایی دەربرین دژ بە دەسەلاتی رەهای داپلۆسێنەر . بلیخانۆف قسەو باسێکی شۆرشگێرانەی پێشکەش بە خۆپێشاندەران کرد . پۆلیس خۆپێشاندانەکەی دامرکانەوە وە بەشداربووان دەستگیرکران . هەندێکیان دوور خرانەوە وە هەندێکیان دەستگیرکران وە کاری پرۆڤێنەریان بەسەریان سەپاند .

2-:لینین لێرە ووشەکانی دۆبرالۆبۆف ئەهێنێتەوە لە ووتارەکەیدا (( کەی رۆژی راستەقینە دەرئەکەوێ ))

*****************************************************

لە نامەیکیدا بۆ م .ئا . ئۆلیانۆڤا

1902 / 6 / 7

کتێبەکانی گۆرگی و سکیتالیتسم وەرگرد ، بە گرنگییەکی مەزنەوە خۆیندیانمەوە ، خۆێندیانمەوە وە دام بەکەسانی تریش بۆ ئەوەی بیخۆێننەوە ،

لەندەن

بەرگی 55 لا , 223

************************************************************

لە نامەیکدا بۆ ئا.ئا.بۆغدانۆف

لە لینینەوە بۆ سیسۆیکا

1905 / 1 / 10

ئەی برادەری ئەزیزم ! لەکۆتایدا توانیمان ( فبیریود ) دەربکەین . وە ئەمەوێ بە درێژی لەگەلتدا قسەی لەسەر بکەم .... لە مانگەکانی یەکەم یارمەتی زۆر پێویستە ، ئەگەر بەشێوەیەکی رێک دەرنەچێ ئەوا هەلوێستی زۆرینە بەر گورزێکی زۆر ئەکەون ، لەوانەیە کوشندە بێت . ئەمە لە بیر نەکەی ، بەلای کەمەوە شتێکی باش ( بەتایبەتی لە گۆرگی ) بکەرەوە ماوە نە ماوەیەک

جنێڤ

بەرگی 47 ، لا 5_6

*********************************************************

لەووتاری (( پێش رەشەبا ))

باری دەروونی ( نفسی ) ، وەک هەموو بەلگەکان کە ئاماژەی بۆ ئەکەن لە بەرزبووندایە . وە تەقینەوەکە ئەبێ ، لەوانەیە نزیکبێت . وە لەسێدارەدانی کرۆنشتاد و سفییابۆرک وە تۆقاندنی جوتیاران ، وە راونانی (( کۆمەلەی کار ))_ ئەندامانی دۆما _ بەهیچ نەگەیشت جگە لە کینەو وناشتنی سووربوون و خۆئامادەکردنێکی توند وتۆل لەدەروونی خەلگدا بۆ جەنگ . بوێرییەکی زۆرتر هاوریان ، وە باوەربوونێکی بەهێزمان ئەوێ بە چینە شۆرشگێرەکان کە تاقیکردنەوە نوێکان دەولەمەندی کردوون ، وە بۆ پرۆلیتاریا کە پێشەرەویانە ، وە بەرەو زۆرتر لە دەستپێشخەرییە زاتیە سەربەخۆییەکان ! هەموو بەلگەکان ئەوە نیشان ئەدەن کە ئێمە لەگەل خەباتێکی توندو بێوێنە وەستاوین . وەلە سەر هەموو هێزەکان ئەوەیە کە دابمەرزێن بۆ ئەوەی ئەو خەباتە ببێتە خەباتێکی یەکگرتوو و لەکاتێکی دیاریکراودا ، توند وتۆل و پر لە پالەوانێتی جەماوەری ، ئەم پالەوانێتییە کە مۆری هەموو قۆناخەکانی مەزنی شۆرشی ئوکتۆبەری مەزنی بەخووە بینی . با لیبرالەکان بەترسەوە سەیر ئەو شەرە چاوەروانە بکەن وە تەنها بۆ هەرەشە لەرژێم ، وە با ئەم کۆمەلە بێڤەرانە بە روانگەی تەسکیان هەموو هێزی (( عەقل و دل ))یان بەکار بهێنن بۆ چاوەروانی هەلبژاردنی نوێ ، وە پرۆلیتاریا ئامادەیە بۆ شەر وە چالاکانە و یەکریز هەنگاو ئەنێ بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەل رەشەبا ، وە هەلمەت ئەبا بۆ ناو جەرگەی شەرەکە . بەسمانە کە کادیتە ترسۆنەکەکان زالن ، ئەم (( بەتریق)) ە گێلانە کە لەشی ئەستووریان لەناو تاوێرەکاندا ئەشارنەوە (( با رەشەبا بەهێزێکی گەورەترەوە هەلبکات )) (3)

له 21 ئاب / 1906 چاپکراوه
بەرگی 13 لا 337 _ 338
3:-لینین پارچەیەک لە (( هەرەشەی رەشەبا )) ی گۆرگی

*****************************************************

**بۆ ئا.م.گۆرگی**

**چوارشەممە 14 / 8/ 1907**

**ئەزیزم !ئالکسی مکسیموفتش**

ئەمرۆ لەگەل میشکوفسکی گەشتینە ئێره ، وە سبەینێ ئەروین بۆ شتوتگارد . زۆر زۆر گرنگه تۆش لێره بیت، ئیتر ناوی خۆت ئەنووسی لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوه به شێوەیەکی رەسمی لەوێ وەک (( ئەندامێکی راوێژکار )) . ئەمه هۆی یەکەمه ، وه هۆی دووەم ئەوەیه که کارێکی باشه که یەک ببینین ، ئەگەر نا ئیتر بەمزووانه یەک نابینین ، وه سێیەم ئەوەیه که مەسەلەکه تەنها سەفەرێکی 24 کاتژمێرییه ، وه لەهەفتەیەک زیاتر نییه (( ئەمەش لەندەن نییه )) ، وه کاتیش قەت درەنگ نابێ ئەگەر یەکشەم یان دووشەم سەفەر بکەی .

به کوورتی ، هەموو پێشوازیت لێئەکەن . وه هەموو شتێ ئاسانکراوه بۆت : تکات لێئەکەم وەره ئەگەر ساغ وسەلامەتی . ماوه مەده که کاری سۆسیالیسته نیودەولەتییکانت له دەست دەربچێ . ئەمه شتێکیتره نەک ناسینێکی ساده یان قسەیەکی گوزەری لەسەر کرابێ . (( کۆنگرەی داهاتوو دوای 3 سال ئەبەسرێ ))* وەهەروەها ئێمه ناتوانین به نامه گورینەوه له مەسەله ووردەکان تێبگەین ، ئەگەر یەک نەبینین . به کورتی وەره وه هەر دێت .

تادیدار

سلاو بێپایانم بۆ ماریا فیدۆرینا (4)

لینینەکەت

* _ ئەمه له چاپه ئەرەبییەکه نییه . بەلام له هۆلەندییەکه هەیه

4:-ئەندامی پارتی پەلشەفیکه له سالی 1904 وه ئەکتەرێکی شانۆیه وه ژنی گۆرگیه .

*****************************************************

**بۆ ئا.م.گۆرگی**

**جنێڤ 9 / 1 / 1908**

**ئەزیزەکەم ئا . م**

لەگەل ژنەکەمدا پێش چەند رۆژێک گەشتینە ئێره . که له رێگه بووین تووشی هەلامەت هاتین . بەگوێرەی توانا ئێمه لێره کارەکانمان رێکئەخەین ، لەبەر ئەوه هەموو شتێ خراپه ، چونکه ئێمه هەتا ئێستا ئەمانەوێ به شێوەیەکی کاتی بمێنینەوه . زۆر دلخۆش بووم به نامەکەت ، له راستیدا زۆر گرنگه بێت بۆ کابری . ئەبێ کاتێکی گونجاو بقۆزمەوه بۆ ئەوەی بێم بۆ لات . بەلام بەداخەوه ئێستا گونجاو نییه . هاتنمان بۆ ئێره بۆ ئەوەیه که رۆژنامەیەک دەر بکەین ، مانای ئەوەیه که رۆژنامەی پرۆلیتاریا له فنلنداوه بگوێزینەوه بۆ ئێره . وه هەتا ئێستا بریاری کۆتایمان نەداوه جنێڤ هەلئەبژێرین یان شارێکی تر . بەهەرحال ئەبێ پەلەی لێبکەین . وه پەژارەی دەرچوونی رۆژنامەیەک زۆره . چەند ئارەزوومانه که لەهاوین یان له بهار بێن بۆلات ئەگەر کارەکان رێچکەی خۆیانگرد . وه چاکترین کات کەیه لاتان له کابری ؟ تەندروستیت چۆنه _ چۆن هەست بەخۆت

ئەکەی ؟ ئەتوانی کار بە باشی بکەی ؟ ئەوکاتەی بە بەرلیندا رەتبووم بیستم کە خۆت و لوناتشارسکی گەرانێکی باشتان کردووە لە ئیتالیاو رۆما(5) بەتایبەتی ، ئایا تۆ رازیت لە ئیتالیا ؟ ئایا زۆر رووسی ئەبینی ؟

لەوباوەرەدام باشتروایە بێم بۆ لات لە کاتێکدا کە کاری گەورەت نەبێ بۆ ئەوەی بتوانین گەرانێکی بێهودە بکەین و قسەبکەین . ئایا کیتابەکەمت(6) بەدەست گەشت ؟ (( بەشی یەکەم لە کۆمەلێ ووتار کە لەماوەی 12 سالدا نووسیبووم )) رامسپاردوبوو کە لە بترسبرگەوە بۆت بنێرن .

سلاوێکی گەورە بۆ م فیودوروفنا . تادیدار

لینین

بەرگی 47 ، لا 119 _12

5:-گۆرگی لە ئوکتۆبەری سالی 1907 هەتا نۆڤەمبەری هەمان سال گەشتێکی بە ئیتالیا کرد ( رۆما و فلۆرەنسا ) وە لە فلۆرەنسا گۆرگی لۆناتشارسکی ناسی .

6:-مەبەستی لینین بەشی یەکەمە لە نووسینەکانییەتی کە لە سالی 1907 بەچاپ گەیشت بەناونیشانی (( لەماوەی 12 سالدا ))

************************************************

## لە نامەیەک بۆ ئا . ف . لوناتشارسکی

13 _1 _1908

پێیان راگەیاندم کە لەگەل گۆرگی گەرانێکی خۆشتان کردووە ؟

بۆم بنووسە خەریکی چیت . ئێمە بەدلنیاییەوە پشتت پێئەبەسین بۆ یارمەتیدانمان لە (( پرۆلیتاریا )) وە لەنووسینی راپۆرتەکانیش . ئایا وانییە ؟

گۆرگی لە کوێیە ؟ لە کابری (( فیلابلیزوف )) بۆم نووسی . ئایا نامەکەم پێئەگات ؟

جنێف

بەرگی 47 لا 121

************************************************

## لە نامەیەک بۆ گۆرگی

جنێف 2_8_1908

......وە مەسەلەی دووەم هرسێکمان گەشتینە ئێرە (( بوغدانۆف و من و یەکێکی تری خەبیر(7) )) نێردراوین لە رووسیاوە بۆ دەرکردنی ( پرۆلیتاریا ) . هەموو کارەکانمان رێکخست . وە راگەیاندنێک بلاو ئەکەینەوە کە لەچەند رۆژێکی تر بەچاپی ئەگەیەنین . وە تۆمان دانا وەک یارمەتیدەرێ . چەند ووشەیەکمان بۆ بنووسە ئاگادارمان بکەیتەوە کە لە تواناتدا هەیە شتێک ئامادە بکەی بۆ ژمارە یەکەمەکان (( تێبینیەکان لەسەر وردە برجوازی )) (8) کە لە ( نۆڤایاجیزن ) چاپکرا ، یان چەند بەشێک لەو چیرۆکەی کە خەریکی ئەینوسیت . (9) هەتا ..... .

دەستت بەتوندی ئەگوشم . سلاوێکی رێزدار بۆ م . ف .

لینین

بەرگی 47 لا 129 _131

7:- مەبەستی ئی .ف . دۆبرۆفنسکییە .

**8:-گۆرگی تێبینییەکانی لە سەر ووردە بورجوازی نووسی وە لە (( نۆڤایا جیزن )) ( ژیانی نوێ ) کە لە دیسەمبەر و جەنیوەری سالی 1905 دەرچوو . نۆڤایا جیزن رۆژنامەیکی بەلشەفیکی کە یاسا رەزامەندی لەسەر داوە**
**9:- چیرۆکی (( درکاندنەکان )) کە لینین جارێ چاوی پیانەخشاندووە ، وەک لە نامە گۆرینەکاندا دیارە .**

*****************************************

هیوادارم هەرکەسێ کە تێبینی هەیە بە سوپاسەوە پێشوازی لێ ئەکەم . وە ئەمە بەشێکە لە پرۆژەی ناساندنی نامەکانی لینین بەتایبەتی لەم بەشەدا کە زۆرتر ئەو نامانەو ووتارانە وەر ئەگێرم وە یاخود ئامادەیان ئەکەم کە لە سەر هونەر و ئەدەب و کەلتوور و رۆشنبیری نووسیەتی یان بەنامە تێبینی نووسیوە .